"یانەی هەولێر هێشتا تۆقێنەرە بۆ یانەکانی عێراق"

# سەرهەنگ موحسین: بۆ یانەی هەولێر بووینەتە دوکاندار



**تایبەت بە رووداوی وەرزشی**

سەرهەنگ موحسین، کاپتن و گۆڵچی یانەی هەولێر، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداوی وەرزشی) چەند نهێنییەکی نوێ لەسەر بارودۆخی ئێستای یانەکەیان بۆ جەماوەری یانەی پایتەخت ئاشکرادەکات و دەڵێت «یاریزانەکانمان لەپێناو یانەی شارەکەیان زۆر قوربانیان داوە».

کاپتنی یانەی هەولێر، لەو هەڤپەیڤینەدا باس لە دڵسۆزی یاریزانە هاورێکانی دەکات، کە چۆن لەپێناو مانەوەی یانەی شارەکەیان قوربانیان بە زۆر شت داوە. چۆن گرێبەستی گرانبەهای یانەکانی دیکەیان رەتکردووەتەوەو تەنانەت لەپێناوە نەوەستانی یانەکەیان کاری دووەمیش دەکەن «بێ پارەیی وایکرد یاریزانێکمان نەفتی ماڵەوەی بفرۆشێت، ئەوەی دیکە ئۆتۆمبێلەکەی بفرۆشێت و یەکێکی دیکە بە قەرزکردن بەردەوام بێت، یەکێکی دیکە زێڕی ماڵەوەی فرۆشتووەو هەمانە بوونەتە دوکاندار و ئیشی دووەم دەکەن، یاریزان هەیە برای رۆژانەکەی لەگەڵی دەکاتە دوو بەش».

به قسەی سەرهەنگ بێت، یانەی هەولێر هێشتا تیپێکی تۆقێنەرە بۆ یانەکانی عێراق و دەڵێت «ئێستاش هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ نابینم لەنێوان خۆمان و یانە پارەدارە بێ کێشەکانی خولی عێراق، کە سەربازگەی مەشقی و ئامادەکارییەکی باشیان کردووە».

**تەواوی هەڤپەیڤینەکە لە لاپەڕە 2دا بخوێنەوە**

WWW.RUDAW.NET

# رووداو وەرزشی

ژمارە (369) سێشەممە ...5/10/6 (50... دینار

رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات

## داوا دەکەن چیدی ناوبژیوانیی بۆ یارییەکانی ریال مەدرید نەکات..

# "شاکیر ریالییە"

3»




## میدیای ئینگلیزی:
## شاکیر زۆر رقی لە ئینگلیزەکانە و ئیسپانییەکانی خۆشدەوێ




لیڤاندۆڤسکی ژنە

4



تەمەنی رۆناڵدۆ هێشتا 21 ساڵە

3



# "مێسی هەمووانی بێ دایک و باوک کردووە"

8»



هێرش عوسمانی مامۆستاو ڕاهێنەری یاری جومناستیک، کتێبێک سەبارەت بە بنچینە زانستی و فێرکارییەکانی جووڵەکانی جومناستیک دەخاتە بەر دیدەی خوێنەران. نووسەر بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «ئەو کتێبە تایبەتە بە کۆلێژ و پەیمانگا وەرزشییەکان و هەوادارانی ئەو یارییە، کە تێیدا نوێترین ڕێنمایی و یاساکانی فێربوونی سەردەمیانەی ئەو یارییە بۆ ڕاهێنەر و یاریزانانی جومناستیک خراوەتەڕوو». ناوبراو گوتیشی «کتێبەکە بە وێنەو هێڵکاری و بە زمانی شیرینی کوردی، جووڵە بنچینەیەکانی ڕاهێنان لەسەر ئامێرەکانی جومناستیکی بڵاوکردووەتەوەو لە لایەن فیدراسیۆنی جیهانی جومناستیکەوە دانییپێدانراوە».

سەرهەنگ موحسین، گۆڵچی و کاپتنی یانەی وەرزشیی هەولێر:

# یانەی هەولێر هێشتا تۆقێنەرە





**سەرهەنگ موحسین، بە یەکێک لە گۆڵچییە بەتواناکانی کوردستان و عێراق دادەنرێت، ئەو ماوەی چەندین ساڵە بەرگری لە تۆڕی گۆڵی یانەی هەولێر دەکات. هەرچەندە ئەمساڵ لەلایەن باشترین یانەی عێراقییەوە گرێبەستی پێشکەشکرا، بەڵام ئەو ئامادەنەبوو خۆشەویستی یانە و شارەکەی خۆی بەهیچ شتێک بگۆڕێتەوە. (ڕووداوی وەرزشی) لە هەڤپەیڤینێکدا چەند پرسیارێکی ئاراستەی کردووە.**

**هەڤپەیڤین: کارزان کانەبی**

**ڕووداوی وەرزشی: ئێستا بارودۆخی یانەی هەولێر چۆن دەبینی؟**

**سەرهەنگ موحسین:** لە رووی داراییەوە، بەداخەوە دەیڵێم، تا وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە کەس بەهانای یانەی هەولێرەوە نەهاتووە. لە رووی ئاستیشەوە هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ نابینم لەنێوان خۆمان و یانە پارەدارە بێ کێشەکانی خولەکە، کە سەربازگەی مەشقی و ئامادەکارییەکی باشیان کردووە.

**ڕووداوی وەرزشی: پێتوایە ئەمساڵ یانەی هەولێر بڕیارێکی تەندروستی داوە بەپشتبەستن بە کوڕانی شارەکە؟**

**سەرهەنگ موحسین:** دۆخی گشتی یانەکە وای دەخواست متمانە بە یاریزانی نێوخۆیی بدرێت، کاتێک یاریزانە دەرەکییەکان لەبەر کێشەی دارایی لە یانەکە ڕۆیشتن، بەڵام ئەوەی دڵخۆشمان دەکات، ئەوەیە دەستەی کارگێڕی و هاندەران و ڕاگەیاندکارانیش پێشوازییەکی گەرمیان لەم دەرفەتە کرد.

**ڕووداوی وەرزشی: هەولێر لە بارودۆخێکی ناهەمواری داراییدایە، تۆش گرێبەستت بۆ هاتبوو، چۆن بوو یانەی هەولێرت جێنەهێشت؟**

**سەرهەنگ موحسین:** سێ گرێبەستم بۆ هات، لە ناویاندا گرێبەستی یانەی نەفتی ناوەڕاست هەبوو، کە براوەی نازناوی

## «من یاریزانانی هەولێرم کۆکردنەوە»

خولی عێراقی ساڵی رابردووە، سەرەتا بڕی پارەکەیان پێگوتم، منیش 5 ڕۆژ ڕامگرتن، چونکە قسە هەبوو یانەی هەولێر بەشداری لە هیچ خول و پاڵەوانیەتییەکدا نەکات، بەڵام خۆشبەختانە سەرۆکی یانە ڕایسپاردم یاریزانەکان کۆبکەمەوە، منیش گرێبەستەکەم ڕەتکردوە. پاشان یانەی نەفتی ناوەڕاست هەوڵەکانی بۆ من چڕترکردەوە، سەرەتا بڕی گرێبەستەکەیان زیادکرد، کە سێجار لە گرێبەستی ئەمساڵی هەولێرم زیاتربوو، پاشان کاپتنی یانەکەو دوو یاریزانیان لەگەڵ ئەو بریکارەی کە هەمیشە لەگەڵم لەسەر هێڵ بوو، لە هەوڵی ڕازیکردنم بەردەوام بوون، بەڵام من بڕیاری مانەوەم لە هەولێرداو پشتم لە پارە کرد، هەرچەندە ئەوە بۆ 3 ساڵ دەچێ پارەی گرێبەستەکانم وەرنەگرتووە، بڕی 27 هەزار دۆلاریش قەرزارم.

## «دەبێ جەماوەر بزانێت کە یاریزانانمان بۆ مانەوەی یانەکەیان زێڕ و ئۆتۆمبێلیان فرۆشتووە، هەمانە لەو پێناوەدا بووەتە دوکاندار»

**ڕووداوی وەرزشی: ئەمساڵ جیاواز لە ساڵان ڕاهێنەرێکی کورد مەشقت پێ دەکات، تا چەند سوودت لێوەرگرتووە؟**

**سەرهەنگ موحسین:** بەڵێ، زۆر سوودم لێوەرگرتووە. لە ڕاستیدا یەکەم ڕاهێنەری گۆڵچییەتیم کاوە ئیبراهیم بووە، کە لەسەردەمی ئەودا گەیشتمە ڕیزی هەڵبژاردەکانی عێراق، هەروەها دیدار حامدیش لە بەرزترین ئاستیدا بوو، لەوێوە سەردەمە زێڕینەکەم دەستپێیکرد. لە سەردەمی عیماد هاشم و سامر ڕیحانیش لەگەڵ هەبوونی گۆڵچی دەرەکی، وەلێ من سەرەکی بووم و زۆریش ئاسوودە بووین، جگە لە نازناوەکان بووینە خاوەنی ژمارەی پێوانەییش. ئێستاش لەگەڵ کاپتن کاوە ئاسوودەم و هەستدەکەم دەتوانین خۆمان دووبارە بکەینەوە، بەڵام کاتی دەوێ.

**ڕووداوی وەرزشی: بە حکومی ئەوەی کاپتنی یانەی هەولێری ئەرکت قورسترە لە یاریزانەکانی دیکە، تا چەند لەو بڕوایەدای سائیر جەسام سەرکەوتوو بێت؟**

**سەرهەنگ موحسین:** هاوسەنگ ڕاگرتنی دۆخی ئێستای ناو یاریزانەکان بە کارێکی زەحمەت دەزانم، چونکە کێشەی یاریزانەکان دەروونییە، بەهۆی کێشەی دارایی یانەکە درووستبووە، ئەگەر زوو چارەسەر بکرێت کاپتن سائیر ئەحمەد هێندە بەتوانایە گومانمان نییە کە لە نازناوەکەمان نزیک دەکاتەوە.

**ڕووداوی وەرزشی: پێشبینی چی دەکەی بۆ ئەنجامی یانەی هەولێر لەم وەرزە؟**

**سەرهەنگ موحسین:** بەرەو پێشچوون و باشتربوونمان لەسەر هەبوونی متمانەی هاندەران بە تیپەکەو چارەسەری باری دارایی لەلایەن دەستەی کارگێڕی وەستاوە. دەبێ ئەزموونی پشتبەستن بە یاریزانانی نێوخۆیی سەرکەوتووبێت، بۆیە لەسەر هەمووان پێویستە بە هەموو شێوەیەک پاڵپشتی ئەو تیپە بکەن، لە شکستدا دڵدەرەوەو لەسەرکەوتنیشدا یاریزانی ژمارە دوانزدە بن.

**ڕووداوی وەرزشی: ئەنجامی یانەی هەولێر لەدوایین 3 یاریدا بەیەکسانبوون کۆتایی هاتووە، هاندەرانیش دڵگران بوونە؟**

**سەرهەنگ موحسین:** ئەگەر پشتی پەردەی ڕووداوەکانمان بینی و زانیمان چی دەگوزەرێ ئەوسا دەتوانین قسەی دروستی تێدا بکەین، لە سەرەتای ئەمساڵ بەردەوامی کێشەی دارایی بیرۆکەی داخستنی دەرگای یانەی هەولێری هێنایە پێش و دەستەی کارگێڕیش بیری لەدەست لەکارکێشانەوە دەکردەوە، بەڵام بەردەوامبووین، ئێمە هەریەکەمان گرێبەستی یانەکانی دیکەمان ڕەتکردەوەو بەشداری مەشقەکانمان کرد، هەرچەندە بێ پارەیی وایکرد یاریزانێکمان نەفتی ماڵەوەی بفرۆشێ، ئەوەی دیکە ئۆتۆمبێلەکەی

## «27 هەزار دۆلار قەرزارم، کەچی لەبەرخۆشەویستی هەولێر گرێبەستێکی سێ قاتی گرێبەستەکەم ڕەتکردەوە»

فرۆشت و یەکێکی دیکە بە قەرزکردن بەردەوام بوو، یەکێکی دیکە زێڕی ماڵەوەی فرۆشتووە، هەمانە بوونەتە دوکاندارو ئیشی دووەم دەکەن، یاریزان هەیە برای ڕۆژانەکەی لەگەڵی دەکاتە دوو بەش، هەموو ئەوانەو زۆر شتی دیکەش نەگوتراون، کەچی لەسەر قاچی خۆمان وەستاوین، بەهیوای ئەوەی یانەکە نەوەستێ.

**ڕووداوی وەرزشی: واتە لە ئاستی خۆتان ڕازین.**

**سەرهەنگ موحسین:** کە دەستمانپێکرد زۆربەی هاندەران جیا لە ساڵانی دیکە تەنیا دوعایان بۆ مانەوەمان لە خولەکە دەکرد، بەڵام یانەی هەولێر پێشبینیەکانی پێش دەستپێکردنی خولەکەی گۆڕی بۆ گەشبینی و ئێستا تیپەکەمان لە ڕووی ئاستەوە ڕکابەری زۆر یانەی پارەداری خولەکەیە، بەهۆی ڕەفتاری یانەکانی بەرامبەرمان و ڕازیبوونیان بە یەکسانبوون و دەستگرتنیان بە هۆکارەکانی کات کوشتن لە دژمان وایکرد بڵێین هەمان شکۆی جارانمان هەیە، هێشتا یانەکەمان تۆقێنەرە.

**ڕووداوی وەرزشی: ئەگەر شتێکت ماوە؟**

**سەرهەنگ موحسین:** با هەمووان پشتی ئەم ئەزموونە نوێیە بگرن، کە تێیدا پشت بە یاریزانی نێوخۆ بەستراوە. ئەو هۆکارانە بەهێزتر بکرێن کە کاریگەریان بەسەر یەکڕیزی تیپەکە هەیە، کاتی زۆر بە ڕاهێنەران بدرێت بۆ بنیادنانی تیپێکی تۆکمە بۆ ساڵانی داهاتوو، ڕاگەیاندنکاران زیاتر هاوکارمان بن. بۆ بەبیرهێنانەوە یەکەم نازناوی خولی عێراق بەمشێوەیە بەدەستهاتووە.

# پێشمەرگەیەک پاڵەوانی بۆکسێنی بریتانیایە



**ئەرسەلان عەبدوڵڵا**
**ڕووداوی وەرزشی - هەولێر**

شوان برادۆستی، پاڵەوانێکی کوردە لە بریتانیا لە یاری بۆکسێنی ئازاد، کە بە MMA ناسراوەو لەنێو قەفەسدا ئەنجامدەدرێت.

شوان ڕۆژی 2015/10/3 لە بریتانیا توانی نازناوی پاڵەوانیەتییەک بەدەستبێنێت، کە لەسەر قەڵغانی ئەم یارییە بوو.

ئەو پاڵەوانە کوردە، کە خەڵکی باشووری کوردستانە، لە کاتی سەرکەوتنەکەیدا ناوی و ئاڵای کوردستانی بەرزکردەوەو بە درێسێکیش دەرکەوت، کە ناوی پێشمەرگەی لەسەر نووسراوە.

شوان برادۆستی، لە یارییەکەدا توانی لە هەڵگری نازناوی پێشوو بباتەوە، کە ناوی ستان وێلسنەو توانی بە ئاستێکی بەرزەوە بەسەریدا زاڵ بێت.

ئەو پاڵەوانە کوردە لەلایەن کۆمپانیای بابیلۆنەوە سپۆنسەری بۆ دەکرێت و پاڵپشتی دەکرێت بۆ ئەوەی ئەنجام و نازناو بەدەستبێنێت.

شوان، بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند "سەرکەوتنەکەم بەسەر ڕکابەرەکەمدا، بە ئاسانی نەبوو، چونکە زۆر بەهێز بوو". بەڵام گوتیشی "ئەمە هانم دەدات هەمیشە بەرەو ڕکابەری بەهێز بڕۆم، چونکە من بە ناوی کورد و بە ئاڵای کوردستانەوە بەشداری ڕکابەرییەکان دەکەم".

# ویسام دەبێتە سەرپەرشتیاری پێشمەرگە



**هەرێز جەمال**
**ڕووداوی وەرزشی - سلێمانی**

یانەی پێشمەرگەی سلێمانی لە ئامادەکاری بەردەوامە بۆ خولی پلەیەکی کوردستان، کە تاوەکو ئێستا چارەنووسی دەستپێکی دیارنییە.

ئەحمەد بەهادین، ئەندامی دەستەی کارگێڕی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت "بە کۆی ئەندامانی دەستەی کارگێڕی بڕیاریانداوە ویسام بازکی کاپتن و گۆڵچی پێشووی یانەکە بکەنە سەرپەرشتیاری تیپی تۆپی پێی یانەکەو بەمنزیکانەش فەرمانی کارگێڕی بۆ دەدەکرێت تاوەکو بە هەموو شێوەیەک هاوکار بێت بۆ سەرکەوتنی تیپەکە لەم وەرزەی خولی پلە یەک".

پێشمەرگەی سلێمانی کە وەرزی ڕابردوو لە ڕیزی نایابەکان ماڵئاوایی کردو هاتە ڕیزی پلە یەکەکان چەند ساڵێکە لەلایەن ویسام بازکەوە تۆڕی گۆڵەکەیان دەپارێزراو ناوبراو لەگەڵ ئەو یانەیە چەندین دەستکەوتی دەستەبەر کردووە. هاوکات ئامادەکارییەکانی تیپەکەش بەردەوامەو لەو ڕوانگەیەشەوە سەردار ساڵحی ڕاهێنەر بۆ ئەم وەرزە گرێبەستی لەگەڵ چەندین یاریزانی شاری سلێمانی کردووەو هاوکات چەندین یاریزانی دیکەشی خستووەتە ژێر تێستەوە. پاش ئەوەی چاودێری دەکرێن و هەڵسانگاندنیان بۆ دەکرێت بڕیاری گرێبەستکردنیان لەسەر دەدرێت.

KOREK Telecom









ئینتەرنێتی EXTRA G بە ئارەزووی خۆت لەگەڵ 3 کەس بەش بکە

ئینتەرنێتی EXTRA G بەسەر خزم و دۆستانت بەش بکە لە هەر شوێنێکی عێراق بن بەشێوازێکی ئاسان و خێرا

- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەستە بۆ سەرجەم بەشداربووانی ئێکسترا و ئێکسترا VIP و ئێکسترا پڵەس.
- بۆ کاراکردن: سەردانی ماڵپەری "بژاردەکانم" بکە لەڕێگەی ئەم لینکە selfcare.korektel.com هەروەها هەژمارێك بۆ خۆت دروست بکە بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە ئینتەرنێت.
- دەتوانی ئینتەرنێت بەش بکەی بەسەر 3 ژمارە یاخود بە ئامێرێك کە پاڵپشتی سیمکارت بکات (Korek Modem, Korek Hotspot, Tablet, Mobile ,....) تەنانەت ئەگەر لە هەمان شوێنیش نەبن.
- ماوەی بەردەستبوون: هەمان ماوەی بەردەستبوونی ئەو پاکێجەی هەیە کە بەشداریت لێی کردووە.
- دەتوانی ژمارەکان زیاد بکەی و بیان سڕیتەوە هەروەها دەتوانی قەبارەی هەر بەکارهێنەرێك دیاری بکەی.

| پاکێجەکان | ئێکسترا | ئێکسترا VIP | ئێکسترا پڵەس |
|---|---|---|---|
| قەبارە | 10 GB | 20 GB | 40 GB |
| کاراکردنی پاکێج (د.ع.) | 40,000 | 60,000 | 90,000 |
| ماوەی بەردەستبوون | 30 ڕۆژ | 30 ڕۆژ | 30 ڕۆژ |
| کاراکردنی بەشداربوونی داتاکان (د.ع.) | 7,000 | 6,000 | 5,000 |
| زیادکردنی بەشداربوو (د.ع.) | 5,000 | 4,000 | 3,000 |

411
korektel.com

رووداو وەرزشی
ژمارە (369) سێشەممە 2015/10/6



## دیکتاتۆرە

ئیمانوێل پیتی یاریزانی پێشـووی هەڵبژاردەی فەرەنسـا و یانەی ئارسـناڵی ئینگلیزی هێرشێکی توندی کردە سـەر خۆزێ مۆرینیۆی راهێنەری پورتوگالی یانەی چێلسی ئینگلیزی، بە کەسێکی دیکتاتۆر وەسفی کردو گوتی "هەرچەندە حەزم دەکرد رۆژێک یاریزانی مۆرینیۆ بووامە، ئەو یەکێکە لە باشترین راهێنەرانی جیهان، بەڵام بە هەموو پێوەرەکان کەسێکی دیکتاتۆرە، زۆرجار سووکایەتی بە یاریزانەکانی دەکات، قسەی خۆی بەسەر یاریزانان و تەنانەت ئیدارییەکانیشدا دەسەپێنێت، نازانم بۆچی هەموو گوێڕایەڵی دەبن و لە قسەی دەرناچن؟".



### رازی نین چیدی بۆ یارییەکانی ریال مەدرید بکرێتە ناوبژیوان..

# شاکیر یارمەتیدەری ریال مەدریدە

**ئا: ئیحسان تاهیر**

رۆژنامەکانی ئیسپانیا، ناوبژیوانی نێودەوڵەتی تورکی، کۆنێت شـاکیر بـەوە تۆمەتبـار دەکەن کە عاشـقێکی سەرشـێتی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانییەو داوادەکەن چیـدی ئەرکی ناوبژیوانیکردن و بەڕێوەبردنی یارییەکانی ئەو یانەیە بەو نەسپێردرێت.

دوای یاری هەفتەی رابردووی نێوان یانەکانی ماڵمۆی سـوێدی و ریال مەدریدی ئیسـپانی، لە گـەڕی دووەمی قۆناخی کۆمەڵەکانی خولـی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، جارێکی دیکە رۆژنامەکانی ئیسپانیا هەڵمەتێکی گەورەیان بۆ تۆمەتبارکردنی شاکیر دەستپێکردو بەوە تۆمەتباریان کردەوە کە هەمیشـە پشـتی یانەی شـاهانەی ئیسپانیا دەگرێت، بەهۆی ئەو عشقە سەرشێتانەیەی بۆ ئەو یانەیە هەیە، هەرچەندە شاکیر یارییەکەی زۆر بەسەرکەوتوویی بەڕێوەبـردو هیچ هەڵەیەکی ئەوتۆی نەکرد کە کاریگەری بەسەر ئەنجامی یارییەکەوە هەبێت.

ئـەو رۆژنامانـە باس لـەوە دەکەن کە شـاکیر لەبەر خۆشەویسـتییە لـە رادەبەرییەکـەی بۆ ریـال مەدرید، هەمیشـە لە بڕیاردان لەناو یاریگەدا پشتی ریال مەدرید و یاریزانەکانـی دەگرێـت و دەڵێـن "باشـترین بەڵگەش ئەوەیـە هـەر یارییەکی ریال مەدرید لەلایەن شـاکیرەوە ناوبژیوانی کرابێت، یانەی شاهانە یارییەکەی بردووەتەوەو تەنانـەت یـەک یـاری یەکسـانیش نەبـووە". هەروەها دەشڵێن "چەندینجار شاکیر بە ئاشکرا بڕیاری هەڵەی لە بەرژەوەندی ریال مەدرید و لە دژی یانەی بەرامبەر داوە".

ئەو رۆژنامانە روو لە یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا دەکەن و دووپاتیدەکەنەوە "شـاکیر عاشـقێکی سەرشێتی ریال مەدریدە، نابێ چیدی ئەرکی ناوبژیوانیکردنی یارییەکانی ریال مەدرید بەو بدرێت". ئەو رۆژنامانە دەشڵێن "شاکیر راهێنەرێکی گەنج و بەتوانایە، بەڵام لە کاتی بەڕێوەبردنی یارییەکانـی ریال مەدرید بەرگەی هەسـتەکانی ناگرێت، کـە ریـال مەدریدی زۆر خـۆش دەوێت، بۆیـە هەڵە لە بڕیارەکانی روودەدەن، بێگومان ئەو هەڵانەش هەمیشە لە بەرژەوەندی ریال مەدرید دان".

هەروەهـا رۆژنامەکانـی ئیسـپانیا رووداوەکەی یاری قۆناخـی 8ی خولی یانە پاڵەوانەکانـی ئەوروپای 2013 لەنێـوان ریال مەدرید و مانچسـتەر یونایتدی ئینگلیزی بەبیـر دێننەوە، کە تێیدا مانچسـتەر یونایتد نزیک بوو لە سـەرکەوتن بۆ قۆناخی پێش کۆتایی، کەچی شاکیر بـە ناهەق کارتێکی سـووری دایە لویس نانـی یاریزانی پورتوگالی ئەوکاتی مانچستەر یونایتد و بەو هۆیەوە ریال مەدریدی گەیاندە قۆناخی پێش کۆتایی پاڵەوانییەتییەکە. کە دوای یارییەکە ئەلیکس فێرگسۆنی راهێنەری ئەوکاتی شـەیتانە سوورەکان، بە ئاشـکرا شاکیری بە ناوبژیوانی لاواز وەسفکرد.

شـاکیر، کە تەمەنی 39 سـاڵە، بەوە ناسراوە کە زۆر حەز لە دەرکردنی کارتی سوور دەکات و چاودێران دەڵێن "شـاکیر دووجار بیرناکاتەوە بۆ ئەوەی کارتی سـوور بە رووی هەر یاریزانێکدا بەرزبکاتەوە".

پێشـتریش لەلایەن میدیای بەریتانییەوە شاکیر بەوە تۆمەتبارکراوە، کە رقی لە یانە و یاریزانە ئینگلیزەکانەو بەڵگەشیان ئەوەیە کە هەرسێ یاریزانی ئینگلیزی، ستیڤن جیرارد، جۆن تێری و گاری کاهێل بە ناهەق لەلایەن ئەو ناوبژیوانەوە بە کارتی سوور دەرکراون.

لە ئەیلوولی 2012 لە پاڵاوتنەکانی مۆندیالی 2014دا، شـاکیر ناوبژیوانی یاری هەردوو هەڵبژاردەی ئینگلتەرا و ئۆکرانیای لەسـەر یاریگەی ویمبلدۆن دەکردو دوو کارتی زەردی بـە جیرارد دا و هەمووانی تووشـی شـۆک کرد. ئـەوکات جیرارد رایگەیاند "مایـەی نیگەرانییە دوای 98 یاری بۆ هەڵبژاردەی ئینگلتەرا ناوبژیوانێک بە ناهەق بە کارتی سوور دەرت بکات".

لە یۆرۆی 2012شدا، دەزگاکانی راگەیاندنی پورتوگال دژی بڕیـاری یەکێتـی تۆپی پێی ئەوروپا وەسـتانەوە، کاتێـک ئەرکـی ناوبژیوانیکردنـی یـاری قۆناخی پێش کۆتایـی جامـی نەتەوەکانـی ئەوروپـای 2012 لەنێوان هەردوو هەڵبژاردەی پورتوگال و ئیسـپانیا بە شاکیر دا. ئەوکات پورتوگالییەکان شاکیریان بەوە تۆمەتبارکرد کە ئیسـپانییەکانی خۆشدەوێت و هەمیشـە لەنێو یاریگەدا بڕیارەکانی لە بەرژەوەندی ئەواندایە.

> "شاکیر بۆ بەرزکردنەوەی کارتـی سـوور بـە رووی هـەر یاریزانێکـدا دووجار بیرناکاتەوە"

> "شاکیر بەوە تۆمەتبار دەکرێت کـە زۆر رقی لە یانە و یاریزانەکانی ئینگلتەرایە"

### کریستیانۆ.. بێهاوتایە یان بە بەختە؟

# تەمەنی رۆناڵدۆ هێشتا 21 ساڵە

**ئا: رووداوی وەرزشی**

کریستیانۆ رۆناڵدۆ، ئەستێرەی تۆپی پێی پورتوگالی، دوای ئـەوەی ژمارەی گۆڵە تۆمارکراوەکانی لە 500 رەتکرد، لەلایەن میدیای جیهانەوە زۆر پەسنی درا. چاودێرانیش دەڵێن "رۆناڵدۆ وەک ئەوە وایە تەمەنی 21 ساڵ بێت نەک 31 ساڵ".

بۆ هیچ یاریزانێک ئاسایی نییە 82 گۆڵ لە خولێکی ئەستەم و زەحمەتی وەک خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا تۆماربکات.. تاوەکو ئێستا هیچ یاریزانێک ئەوەی پێنەکراوە و لەوانەشە کەس نەتوانێت ئەمە بکات. ئەو وتانە بۆچوونی شـارەزا و چاودێران بوو، کە چەند سـاڵێک پێش ئێسـتا وایان دەگوت، ئەوکاتەی گۆڵکاری ئیسپانی رائوول گۆنزالیس کۆتایی بە کاروانی وەرزشی هێنا لە ئەوروپا و بووە پێشـەوای هێرشـبەرانی چامپیۆنسلیگ بە 72 گۆڵ.

ئێسـتا شـتەکان گۆڕاون و ئەوانەی ئەو قسـانەیان کردووە پەشـیمان بوونەتەوە، چونکە کریسـتیانۆ رۆناڵـدۆی یاریزانی پورتوگالی گۆڵی ژمارە 82ی لە چامپیۆنسـلیگ تۆمارکرد. ئەو 3 گۆڵەی مووشەکی مادێرا لە گۆڵی شاختاری ئۆکرانی تۆماری کرد، دوای 5 گۆڵەکەی لە گۆڵی ئیسپانیۆل، دواتریش 2 گۆڵی لە یانەی ماڵمۆی سـوێدی تۆمارکرد، شـرۆڤەکار و شارەزایانی تۆپی پێی لە وەڵامی پرسـیارێک تووشـی سەرسـوڕمان کرد: ئایـا رۆناڵدۆی تەمەن 30 سـاڵان ئەوەنـدە بێهاوتایە یان تەنیا یاریزانێکـی بـە بەختە و چیدی نا؟. رۆناڵدۆ ئێسـتا گۆڵکاری مێژوویی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپایە، هەروەها گۆڵکاری مێژوویی ریال مەدریدیشـە لە لیگا و هەموو پاڵەوانتییەکان.. لەوە زیاتر چی دەوێ؟. چاودێران وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوەو دەڵێن "کاتێک یاریزانێکی تۆپی پێ دەگاتە تەمەنی 30 ساڵی، بیر لەوە دەکاتەوە بە باشـترین شـێوە لـەو جیهانە دەرچێت. بـەدوای خولێک دەگەڕێ کە لە فشـاری مێشـک بەدووربێت و یانەکەی داوای شـتی زیاتری لێنەکات، بەڵام هەرچی رۆناڵدۆیە تەواو پێچەوانەیە. ئەو دەیەوێ لە لیگا و چامپیۆنسلیگ لەسەر هەڤرکی بەردەوام بێت، سەیر لەوەدایە لە ژمارە تاکەکەسییەکاندا لە زۆربەی بۆنەکان یان هاوتا یان لە پێشـەوەی لیۆنێل مێسی دێت و هەمووانی تووشی سەرسوڕمان کردووە".

ئێسـتاش لەگـەڵ سـەرەتای وەرزی تازەدا رۆناڵدۆ لەسـەر هەڤرکی بەردەوامە، وەک ئەوەی تازە تەمەنی 21 سـاڵان بێت نەوەک 10 ساڵ لەو تەمەنە گەورەتر بێت.

ئایـا رۆناڵـدۆ بەردەوام دەبێت و دەیسـەلمێنێت بەڕاستی یاریزانێکـی بێهاتاویە.. یـان تەنیا خوێن گەرمی سـەرەتایە و بەختی لەگـەڵ ریال مەدرید لەوەندە دەوسـتێت؟. بە گوێرەی ژمارەکانی رۆناڵدۆ لە سەرەتای دەستپێکردنی لەگەڵ سپۆرتینگ لێشبۆنەی پورتوگالی، رۆناڵدۆ لە 31 یارییدا 5 گۆڵی تۆمارکرد، پاشـان چووە ریزەکانی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی و 292 یاری ئەنجامدا و 118 گۆڵی تۆمارکرد، بەرلەوەی کاروانی دەروشـانەوە و دروسـتکردنی شکۆمەندی لەگەڵ ریال مەدریدی ئیسـپانی لە سـاڵی 2009 دەست پێبکات، لەگـەڵ ریال مەدرید رۆناڵـدۆ 308 یاری ئەنجام داوەو 323 گۆڵـی تۆمارکـردووە، لەوانە 251 گۆڵی لەسـەر ئاستی ناوخۆ و 67 گۆڵیشی لەسەر ئاستی ئەوروپییە، بەمەش بە پێـش رائوول گۆنزالیس کەوت کە گۆڵکاری یانەی شاهانە بووە لە پاڵەوانەتییەکانی ئەوروپا بە 66 گۆڵ، بەمەش ژمارەیەکـی پێوانەیی تازەی لەگەڵ ریال مەدرید تۆمارکرد.

### پیناڵدۆ

کریستانیۆ رۆناڵدۆ، گەیشتە ژمارەیەکی بێهاوتا بە تۆمارکردنـی 501 گۆڵ لەگەڵ 3 یانە و هەڵبژاردەی وڵاتەکـەی، بەڵام هـەرزوو ئەوەیان بـە تۆمارکردنی چەندین گۆڵ لە لێدانی سزا گرێدا، هەتا هەندێک بە گاڵتەوە ناوی (پیناڵدۆ) یان لێنا.

بـۆ زانینـی بەشـی لێدانەکانی سزا لە تۆماری رۆناڵدۆ دەتوانین شێوازی گۆڵەکانـی رۆناڵدۆ روون بکەینـەوە. پیناڵدء لەو 500 گۆڵـەی تۆمـاری کـردووە 81 بـە لێدانی سزایە کە دەکاتە رێژەی 16%ی گۆڵەکانـی، ئـەوەش رێژەیەکـی گەورەیـە، بـەڵام ئـەوە مشـتومڕی بەردەوامـی نێـوان خۆشەویسـتانی و رق لێبووانـی رۆناڵـدۆ دەکاتـەوە، هەندێـک پێیانوایـە تەنیا سـەرکەوتنی ئەو یاریزانەیە لە لێدانی سزا و لـە بەرژەوەندی ئەوە نـەوەک لـەدژی، کەچی هەندێکی دیکە پێیانوایە لێدانـی سـزا ئاسـانە و ناکرێت بەوە ئاستی پێوانە بکرێت.



> رۆناڵدۆ لەناو یاریگەدا 10 ساڵ لە تەمەنی خۆی بچووکتر دەردەکەوێت

### دەیەوێ کوڕەکەی بگەڕێنێتەوە باوەشی خۆی..

# باوکی مەمفیس حەزی لە کوڕەکەیە یان پارەی شەیتانەکان

**رووداوی وەرزشی ـ MU4**

دینیس دیبپای، باوکی مەمفیس دیپای یاریزانی هۆڵەندی یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی، بەرگەی ئەو زامەی نەگرت کە جگەرگۆشەکەی بووەتە هۆکاری، کاتێک لە لێدوانێکدا گوتی پێیباشترە ناوی مەمفیس لە جیاتی دیپای لەسەر درێسەکەی بنووسرێت، وەک تۆڵەسەندنەوە لە باوکی کە لە تەمەنی 4 ساڵیدا دەستبەرداری بووە.

دینیس لە لێدوانییێکدا بۆ رۆژنامەی میرۆری بەریتانی رایگەیاند قسەکانی کوڕەکەی درۆن و دوورن لە راستی و روونیکردەوەو گوتی "چۆن من لە تەمەنی چوار ساڵی دەستبەرداری دەبم، ئەوە شتێکی باوەڕپێنەکراوە، زۆر پاڵپشتیم کردووە و یارمەتیم داوە، دەبێت ئەوەشی لەبیربێت کە من یەکەم کەس بووم تۆپم بۆی کڕی".

هەرچەنـدە مەمفیـس ماوەی 17 سـاڵە لە باوکی دابـڕاوە، کەچی دینیسـی باوکی دەیەوێ وتەکانـی کوڕەکەی لەبیر بکات و رازی بکات بگەڕێتەوە باوەشی، لەم بارەوە دەڵێت "کاتێک بینیم کوڕەکەم بەمشـێوەیە باسـم دەکات هەسـتم بە شـەرمەزاری کرد، لەگـەڵ ئەوەشـدا ئەو هـەر کوڕی منـە و خۆشـم دەوێ و داوای لێدەکـەم دووبارە پەیوەندیم پێـوە بکاتـەوە، چونکە بـەم دواییـە زۆر بیری دەکەم".

لـە گوتەکانـی باوکـی مەمفیـس وا دەردەکـەوێ کەمێـک هەسـت بە پەشـیمانی دەکات، کە لە دایکـی کوڕەکەی جیابووەتەوە، نەخاسمە ئەو کـوڕە بچووکەی لەو لەدایکبووە ئێستا بووەتە ئەستێرەیەکی گـەورە و بـۆ یەکێک لـە گەورەترین یانەکانـی جیهـان یـاری دەکات، لەبەرئـەوە هەندێـک پێیانوایـە باوکـی مەمفیس لەبەر پارە بەمشێوەیە لە کوڕەکەی دەپاڕێتەوە.






## درۆیە

دوای ئەوەی ئەلیکس فێرگسۆنی ڕاهێنەری سکۆتلەندی، لە کتێبەکەیدا باسی لەوە کردبوو کە ئەوکاتەی ڕاهێنەری یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی بووە، واین ڕۆنی هێرشبەری یانەکە داوای لێکردووە لە مانچستەر یونایتد بڕوات، ڕۆنی هەر زوو قسەکانی فێرگسۆنی بەدرۆخستەوەو ڕایگەیاند «درۆیە، من قەت داوای ڕۆیشتنم نەکردووە، مەسەلەکە تەنیا ئەوەبوو جارێکیان بە فێرگسۆنم گوت ئەگەر پێم ڕازی نی دەتوانی ڕێگەم پێبدەی بڕۆم، ئیدی ڕۆژنامەکان هەرایەکی گەورەیان هێنایەوە، کە ئێستاش نازانم ئەوکات بە تەواوی چی ڕوویدابوو».

## 116 گەڕان بەدوای یاریزانانی کورد لە هەندەران

لە ئەوروپا و زۆر شوێنی دیکەی جیهاندا بەهرەی وەرزشیی کورد زۆرن، بەتایبەتیش بەهرەی تۆپی پێ، کە لەبەر چەند هۆکارێک لەوانەیە هێشتا زۆر لە خەڵکی کوردستان ئاشنایەتی لەگەڵیاندا نەبێت، بەتایبەتیش کە زۆر لەو بەهرانە لە هەندەران لەدایکبوونە یاخود بە منداڵیی لەگەڵ خێزانەکانیان لە کوردستانەوە بەرەو هەندەران کۆچیان کردووەو لەوێ پێگەیشتوون. (ئەیاس لێڕی) بە هاوکاری (رووداوی وەرزشی) ئەرکی گەڕان بەدوای ئەو بەهرانەی لەئەستۆگرتووە، کە پەنا بەخوا لەهەر ژمارەیەکی (رووداوی وەرزشی)دا یەکێک لەو بەهرانە بە خوێنەران دەناسێنین.

**ئا: ئەیاس لێڕی**



ناو: نادر چەفتچی
بەرواری لەدایکبوون: 12/2/1992
شوێنی لەدایکبوون: خارپێت ـ باکووری کوردستان
شوێنی یاریکردن: هێڵی هێرشبردن
یانە: سێلتیکی سکۆتلەندی
درێژی باڵا: 180 سانتیمەتر

## 2 کورد لە یۆرۆپالیگ یاریدەکەن

لە چامپیۆنسلیگی ئەمساڵدا 5 یاریزانی کورد لەگەڵ یانە ئەوروپییەکان بەشداری لەو بۆنە وەرزشییە ئەوروپییەدا دەکەن. 2 یاریزانی کوردی دیکەش بەشداری لە یۆرۆپالیگدا دەکەن.

### 1 ـ نادر چەفتچی

نادر چەفتچی، یاریزانێکی کوردستانییە، یاریزانێکی گەورەی جیهانی وەرزشییەو یاری بۆ هەڵبژاردەکانی هۆڵەندا و تورکیا کردووە. هەروەها لە خولەکانی ئینگلتەرا، هۆڵەندا، تورکیا و سکۆتلەندا یاریکردووە.

نادر چەفتچی، لە ساڵی 2008 یاریزانی هەڵبژاردەی هۆڵەندای خوار تەمەن 17 ساڵی بووەو دوو یاری بۆ ئەنجام داوە. دواتریش یاری بۆ هەڵبژاردەی تورکیای خوار تەمەن 19 ساڵی کردووەو توانیویەتی لە 7 یاریدا گۆڵێک تۆماربکات. لە پاڵاوتنەکانی یۆرۆی 2011ی خوار تەمەن 19 ساڵی لە یارییەکدا بەرامبەر هەڵبژاردەی مەکەدۆنیا یاریکردووە.

نادر چەفتچی، لە 2009 تاوەکو 2011 یاریزانی یانەی پۆرتسمۆسی ئینگلیزی بووەو لە پریمەرلیگی 2009 ـ 2010 لە یەک یاریدا لەگەڵ یانەکەی بەشدار بووەو یانەکەی دابەزیوە بۆ چامپیۆنسشیپ و لە 19 یاری وەرزی 2010 ـ 2011 بەشداربووەو توانیویەتی گۆڵێک لە یانەی ریدینگ تۆماربکات. لە لیگ کەپی 2010 ـ 2011ش لە 2 یاریدا بەشدار بووەو گۆڵێکیشی تۆماركردووە.

لە وەرزی 2011 ـ 2012دا ڕووی لە یانەی قەیسەری سپۆری تورکی کردووەو لە یاری سوپەرلیگ و یارییەکی جامی تورکیا بەشداری کردووە. دواتریش لە وەرزی 2012 ـ 2013 ڕووی لە خولی هۆڵەندی کردووەو بووەتە یاریزانی یانەی ناک برێدا و لە 10 یاری خولی نایاب و یارییەکی جامی هۆڵەندادا بەشداری کردووە. لە ساڵی 2013 تاوەکو 2015 یاریزانی یانەی دۆندی یونایتدی سکۆتلەندی بووەو لە خولی نایابی ئەو وڵاتەدا یاری کردووە. ئەو یاریزانە کوردە، کە لە هێڵی هێرشبردن یاریدەکات، لە وەرزی 2013 ـ 2014 لە 32 یاریدا توانی 11 گۆڵ تۆماربکات و ببێتە نۆیەم گۆڵکاری خولەکە. هەروەها 9 گۆڵیشی بۆ هاوڕێکانی دروستکرد و بووە دووەم باشترین گۆڵ دروستکەری خولەکە. لە وەرزی 2014 ـ 2015شدا لە 8 یاریدا خاوەنی دوو گۆڵ بوو. لە 4 یاریشدا لە جامی سکۆتلەندا بەشداری کردووەو خاوەن دوو گۆڵە.

ئەو یاریزانە کوردە، لە 2015/7/1ەوە بە پێی گرێبەستێک چووەتە ریزەکانی یانەی سێلتیکی سکۆتلەندی، لە یۆرۆپالیگی 2015 ـ 2016 لە گرووپی یەکەمدا بەرامبەر بە یانەکانی ئەجاکس ئەمستەردامی هۆڵەندی، فەنەربەخچەی تورکی و مۆلدەی نەرویجی یاریدەکات.



## ئەوەی لەبارەی ئەم ئەستێرەیە نایزانی..

# هاوسەرگیری نهێنی ئاستبەرزی ڕۆدریگزە



ئا: رووداوی وەرزشی

جیمس ڕۆدریگز، یاریزانی کۆلۆمبی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی لەو یاریزانانەیە کە زۆر حەزی لە ژیانی خێزانییە، هەر ئەوەش وایلێکرد بیر لە پێکهێنانی خێزان لەگەڵ کچە دۆستەکەی، دانییێلا ئۆسبینای خوشکی گۆڵچی هەڵبژاردەی کۆلۆمبیا داڤید ئۆسبینا بکاتەوە، کە لەنێو هەموو هەوادارانیدا دڵ و مێشکی رفاند، هەروەها ڕۆڵیشی لە درەوشانەوەو دەرکەوتنی هەبوو، بەهۆی ئەو ئامۆژگارییە زۆرانەی پێیدەدان.

### ساڵێک لە هاوسەرەکەی گەورترە

جیمس ڕۆدریگز بەمدواییە تەمەنی بووە 23 ساڵ و دانییێلای هاوسەری یەک ساڵ لەخۆی بچووکترە، کە سێ ساڵە هاوسەرگیرییان کردووە، چونکە پێیانوابوو چوونە نێو قەفەسی زێڕین یارمەتیان دەدات ژیانێکی تازە دروست بکەن، کە تژی بێت لە سەرکەوتن، هەر بۆیە لە ماوەی هاوسەرگیریاندا هیچ کێشەیەک لە نێوانیان ڕووینەداوە، وەک ئەوەی ڕۆژانە لە ڕۆژنامەکانی جیهان سەبارەت بە ژیانی تایبەتی یاریزانان دەیخوێنینەوە.

### سەماکەر و شەیدای سالومییە

هاوسەرگیری ڕۆدریگز و دانییێلا کچێکی جوانی لێکەوتەوەو ناویان ناوە (سالومی)، کە ڕۆدریگز دوای تەواوبوونی لە مەشقەکان هیچ لە کچەکەی دوورناکەوێتەوە، بەدڵنیاییەوە سالومی لەسەر شێوازی ژیان لە مەدرید گەورە دەبێت، چونکە باوکی بۆ ماوەی 6 ساڵ گرێبەستی لەگەڵ یانەی شاهانە واژووکردووە. ڕۆدریگز بە ڕۆژنامەکانی ڕاگەیاندبوو سالومی بەختهێنەریەتی و هۆکاری دروشانەوەی بوو لە مۆندیالی بەرازیل.

ڕۆدریگز وەک هەموو کۆلۆمبییەک سەما دەزانێت، بەشێوازی خۆی لە فشاری تۆپی پێ خۆی دەرباز دەکات. ڕۆدریگز گرتەیەکی ڤیدیۆی لەسەر تویتەر بڵاوکردبووەوە، کە لە ئاهەنگێک لەسەر شێوازی ئەکتەری ئەمریکی بەناوبانگ جۆن تراڤۆلتا سەما دەکات و بەهەرەو توانای لە سەماکردن نیشاندەدات، هاوشێوەی نیمار دا سیلڤای ئەستێرەی بەرازیلی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی.

...ەوە هەیە..

...ەدرید

...ەیەکی جیاواز کارەکانت ئەنجامدا، ئەگەر ... مەرایییەکان بەشەڕ نەهاتی، لە کۆتاییدا ... دەدۆزییەوە (ئەوکاتەی نیمار بە منداڵی ...کردنەوەی وەرگرتنی بۆ کرا)، کە دەبووە ... ئیسپانی، بە پێچەوانەی ئەوەی ویژدانت ... ئەو کەسانەش بەدوات نەدەکەوتن".

... بەرازیل داوای بڕی نزیکەی 16 ملیۆن ...یمار دەکات، کە لە ماوەی نێوان 2011 ...راوە. ئەمەو دادگا بڕیاریداوە بە بەهای ...ج سەرەوەت و سامانی نیمار بلۆک ...چاربێت بڕە پارەکە بدات، لەگەڵ ئەو ... لە هەڵاتن لە دانی باج دەکەوێتە ... بە دەستەوارەی گواستنەوەی نیمار ...ەرازیلییەوە بۆ بارسێلۆنای ئیسپانی.

...ژنە

...گادا، لە 9 خولەکدا 5 گۆڵی لە یانەی ... ئانا لیڤاندۆڤسکی کچە یاریزان 4 گۆڵی ...وی هەردووکیان لیڤاندۆڤسکییە، بەڵام ...دیان نابەستێتەوەو تەنیا بە ڕێککەوت ... لیڤاندۆڤسکی پیاو و لیڤاندۆڤسکی ...ەی پێوانەییان تۆمارکردووە.

...ەیرتر ئەوەیە کە ناوی هاوسەرەکەی ...ە وەک یاریزانە

## ڕێژەی پێکانەکانی لەبەرزبوونەوەدایە..

# مێسی بەهۆی پێکانەوە 365 ڕۆژ یاری نەکردووە

...مەنی وەرزشیی ...ی بەڕێکردووە"

**رووداوی وەرزشی ـ SPORT**

لیۆنێل مێسی، ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی، یەکێکە لەو یاریزانانەی بەهۆی پێکانە زۆرەکانییەوە زۆرترین ماوە لە یاریکردن دابڕاوە، کە بەپێی ئامارەکان مێسی بەهۆی پێکانەکانییەوە ماوەی 365 ڕۆژ لە یاریکردن دابڕاوە.

لە یاری نێوان بارسێلۆنا و لاس پالماس لە خولی ئیسپانیا لە سەرەتای یارییەکەدا مێسی تووشی پێکان بوو، ئەوەش بووە پێکانی ژمارە 11 لە کاروانی وەرزشی و یەکەمی لە وەرزی 2015 ـ 2016.

لەوەتەی مێسی لە وەرزی 2006 ـ 2007 لەگەڵ بارسێلۆنا دەستی بە یاریکردن کردووە، لەمانگی تشرینی دووەمی ساڵی 2006 تووشی یەکەم پێکان بوو، کە شانەی قاچی شکا، بەمەش 88 ڕۆژ لە یاریکردن دابڕا و بەشداری لە 19 یاری نەکرد. لە وەرزی 2007 ـ 2008 تووشی دووەم پێکان بوو، 31 ڕۆژ لە یاریکردن دووری خستەوەو بەشداری لە 8 یاری نەکرد. هەر لەهەمان وەرزدا لە 2008/3/5 تووشی پچڕانی ماسوولکە بوو، بەشداری لە 9 یاری بارسا نەکرد. لە وەرزی 2010 ـ 2011 مێسی بۆ جاری چوارەم تووشی پێکان بوو لە بەستەرەکانی قاچی و ماوەیەکی کەم دابڕا 3 یاری. بەڵام لە وەرزی 2012 ـ 2013 مێسی تووشی دوو پێکان لە بەستەرەکانی ئەژنۆی بوو، نزیکەی 21 ڕۆژ لە 2013 دابڕاو بەشداری 5 یاری نەکرد. وەرزی 2013 ـ 2014 بە خراپترین وەرزی پێکان لە کاروانی مێسی دادەنرێت، چونکە 3 جار تووشی پێکان بوو، لە ماوەی ئامادەکاری بۆ وەرزی تازە لە 4 یاری دابڕا، پاشان تووشی پێکان لە ژێیەکانی ئەژنۆی بوو، 16 ڕۆژ لە یاریکردن دابڕا، دواتر بە دوو مانگ تووشی پچڕانی ماسوولکە بوو، 59 ڕۆژ لە یاریکردن دابڕاو بەشداری لە 11 یاری یانەکەی نەکرد. دوایین پێکانی مێسی لە ماوەی ئامادەکاری بۆ وەرزی 2014 ـ 2015 بوو کە لە 1 تاوەکو 10 ئابی هەمان مانگی خایاند و نزیکەی 9 ڕۆژ دابڕا. لە یاری بەرامبەر لاس پالماس مێسی بۆ جاری 11 تووشی پێکان بوو، کە بەهۆیەوە نزیکەی دوو مانگ لە یاریکردن دادەبڕێت.

بەپێی ئامارەکان مێسی ماوەی 365 ڕۆژ بەهۆی پێکانەکانییەوە نەیتوانیوە یاری بکات، واتە ساڵێکی تەمەنی وەرزشیی خۆی لەسەر تەختی نەخۆشخانەکان و بە دارشەق بەڕێکردووە.





ناوبانگی ڕۆناڵدۆ لەگەڵ مانچستەر یونایتد لەسەر حسابی ڕۆنی بوو، چونکە لەناو یاریگەدا خۆماندووکردن و یاریکردن بۆ ڕۆنی بوو، گۆڵکردنیش بۆ ڕۆناڵدۆ

زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ
(ئەستێرەی یانەی پاریس سانجێرمان)



ساڵی داهاتوو تەمەنم دەبێتە 65 ساڵ، بەڵێنیشم بە هاوسەرەکەم داوە لەو تەمەنەدا واز لە ڕاهێنەرایەتی بێنم، بۆیە بەڵێن شکاندن زەحمەتە

لویس ڤان گال
(ڕاهێنەری یانەی مانچستەر یونایتد)



خۆزگە تەمەنم بۆ 30 ساڵ دەگەڕایەوە، بۆ ئەوەی دەست بدەمەوە جانتاکەم و بەڕێبکەوم بۆ مەشقەکانی بۆکاجۆنیۆرز

دیێگۆ مارادۆنا
(ئەفسانەی تۆپی پێی فەرەنسا)



خەڵک وادەزانێت یاریزانانی بارسێلۆنا هەموو ساڵێ ئۆتۆمبێلێکی نوێ وەردەگرن، نازانن کە هەموو ساڵێ پێویستە ئۆتۆمبێلەکەی ساڵی پێشوو بۆ یانەکەمان بگەڕێنینەوە

سێرجیۆ بۆسکێس
(یاریزانی یانەی بارسێلۆنا)



بارسێلۆنا چارەسەری نییە، چونکە تۆپ لەنێوان قاچی یاریزانەکانیدا بە خێرایی 200 کیلۆمەتر لە کاژێرێکدا دەجوولێت

ئەلیساندرۆ فلۆرێنزی
(یاریزانی یانەی ڕۆما)




ئەگەر ئێستا دەرفەتی ئەوەم بۆ بڕەخسێتەوە یاری بۆ یانەیەکی بکەم، ڕاستەوخۆ یانەی ئارسناڵی ئینگلیزی هەڵدەبژێرم

پێلێ
(ئەفسانەی تۆپی پێی بەرازیل)

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (369) سێشەممە 2015/10/6

## شەرمەزارییە



دوای ئەوەی لیستی سەرەتایی پاڵێوراوانی باڵۆن دۆری 2015 ڕاگەیێنراو ناوی جیانلویجی بۆفۆنی گۆڵچی و کاپتنی یانەی یوڤانتۆس تێدانەبوو، فیفا کەوتە بەر ڕەخنەی زۆر لە چاودێر و وەرزشوانان، یەکێک لەوانەش مارچیلۆ لیپی ڕاهێنەری بەناوبانگی ئیتاڵی بوو، کە هێرشێکی توندی کردە سەر فیفاو گوتی «شەرمەزارییەکی گەورەیە، ناوی بۆفۆن لە لیستی 59 پاڵێوراوی باڵۆن دۆردا نەبینرێت، فیفا ستەمێکی گەورەی لێکردووە. کە سەیری لیستەکە دەکەی شەرم لەخۆت دەکەیەوە کە ناوی هەندێک یاریزانی تێدایەو ناوی بۆفۆنی تێدانییە».

ئەو ژمارە و زانیاریانەی حەزدەکەی بیانزانی..

# عەیبە فێرگسۆن بە هەر ڕاهێنەرێکی دیکە بەراورد بکرێت



«مۆرینیۆ 75 یاری لە سەر یاریگەی خۆی لە پریمەرلیگدا نەدۆڕاوە»

«یانەکانی ئیتاڵیا زۆرترین جار گەیشتوونەتە فینالی چامپیۆنسلیگ و زۆرترین جاریش ئەو یارییەیان دۆڕاندووە»

**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

لە جیهانی وەرزش بە گشتی و تۆپی پێدا زۆر ڕووداو و زانیاری هەن، بۆ تۆ تازەن و حەزدەکەی بیانزانی، یاخود ئەگەر نوێش نەبن، پێتخۆش بیرت کەونەوە. ئەمانە هەندێکیانن.

* خۆزێ مۆرینیۆی ڕاهێنەری پورتوگالی 4 خەڵاتی لەلایەن کتێبی گینیس بۆ ژمارە پێوانەییەکان پێشکەش دەکرێت.

* هەر خۆیشی ئەو ڕاهێنەرەیە کە زۆرترین خاڵی لە یەک وەرزدا لە مێژووی پریمەرلیگ کۆکردووەتەوە، کە 95 خاڵە. هەروەها مۆرینیۆ ئەو ڕاهێنەرەیە کە 75 یاری لە مێژووی پریمەرلیگدا لەسەر یاریگەی خۆی نەدۆڕاندووە.

* هەروەها سپێشەڵ وەن بچووکترین ڕاهێنەرە بگاتە 100 یاری لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، ئەویش لە تەمەنی (49 ساڵ و 12 ڕۆژ). هەمدیس مۆرینیۆ ئەو ڕاهێنەرەیە کە زۆرترین نازناوی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپای بەدەستهێناوە (2 یانە، پۆرتۆ و ئەنتەرمیلان)، بەڵام ئەو ژمارەیەی لەگەڵ 4 ڕاهێنەر دابەشکردووە، کارلۆ ئەنچیلۆتی، بۆب هاینکس، ئۆتمار هێتزفیلد و ئایرنس هابیل.

* ڕۆژنامەکانی بەریتانیا جارێکی دیکە پەسنی ئەلیکس فێرگسۆنی ڕاهێنەری سکۆتلەندی پێشووی یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزیان داو ڕایانگەیاند کە تۆماری ئامارەکانی هێندە جیاوازە لە ڕاهێنەرانی دیکە، بواری ئەوە نەماوە ئەو لەگەڵ هیچ ڕاهێنەرێکی دیکە بەراورد بکرێت. تەنانەت دەڵێن عەیبە ئەو بە ڕاهێنەرێکی دیکە بەراورد بکرێت. بۆ ئەوەش ئاماری چەند گەورە ڕاهێنەرێکیان بە نموونە هێناوەتەوە، کە دەردەکەوێت فێرگسۆن بە 26 ساڵ ڕاهێنەرایەتی 38 خەڵات و نازناوی بردووەتەوە، ئارسن ڤینگەری فەرەنسی لە 27 ساڵدا 17 خەڵات و نازناوی بەدەستهێناوە. کەچی لویس ڤان گالی هۆڵەندی بە 23 ساڵ 19 نازناوی هەیە. مانوێل پیلگرینی ڕاهێنەری کۆلۆمبیش لە 27 ساڵدا 9 نازناوی بردووەتەوەو خۆزێ مۆرینیۆی پورتوگالیش بە 15 ساڵ 23 دەستکەوتی هەیە.

* یانەکانی ئیتاڵیا زۆرترین جار گەیشتوونەتە یاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا، کە 27 جارە، بەڵام زۆرترین جاریش یاری کۆتاییان دۆڕاندووە، کە 15 جارە، لەوانە 6 جار بۆ یوڤانتۆس و 4 جار بۆ میلان.

* واین ڕۆنی 50 گۆڵی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئینگلتەرا کردووە، کە 36 لە یاری فەرمی و 14 لە یاری دۆستانەیە، تەنیا 6 گۆڵی بە لێدانی سزا بووە.

* ئەندرێ شیڤچینکۆی یاریزانی ئۆکرانی گۆڵکاری مێژوویی دێربی میلانۆیە بە تۆمارکردنی 14 گۆڵ.

* سیسک فابریگاسی یاریزانی ئیسپانی بچووکترین یاریزانە گۆڵی بۆ ئارسناڵ کردبێت لە مێژوویدا، ئەویش لە ساڵی 2003 بوو لە جامی ڕابیتەی یانەکانی ئینگلتەرا لە دژی یانەی وڵڤەرهامپتۆن، کە ئەوکات تەمەنی تەنیا 16 ساڵ و 212 ڕۆژ بوو.



یاریزانێکی نەمساوی بە ڕێژەیەکی سەرسوڕهێنەر یەکەمە..

# پێلێ چوارەم باشترین گۆڵکارە لە مێژوودا

**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

بەمدواییە زۆر باس لەوە دەکرێت کە کێ خاوەنی زۆرترین گۆڵە لە مێژووی تۆپی پێی جیهاندا. لەو بارەوە ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی لەسەر بنەمایەکی زانستی لیستێکی بەناوی باشترین 10 گۆڵکاری مێژووی تۆپی پێ دەستنیشانکردووە، لەسەر بنەمای زۆرترین گۆڵ لە کەمترین ماوەدا.

ڕۆژنامەی مارکا، ڕیزبەندەکەی لەسەر بنەمای دابەشکردنی ژمارەی گۆڵەکانی هەر یاریزانێک بەسەر ژمارەی ئەو یارییانەی ئەنجامیداون، داناوەو باشترین ڕێژەی گۆڵکردنی دەرناوە، کە بەپێی ئەو ڕیزبەندە پێلێی ئەفسانەی تۆپی پێی بەرازیلی بە ڕێژەی تۆمارکردنی 0.92 گۆڵ لە هەر یارییەکدا پلەی چوارەمی گرتووە، نەک وەک ئەوەی تاوەکو ئێستا لە جیهاندا باوە کە پێلێ باشترین گۆڵکارە لە مێژووی تۆپی پێی جیهاندا.

هەرچی تایبەتە بە دوو دیاردەی ئەم سەردەمەی تۆپی پێ، لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی بارسیلۆنای ئیسپانی و کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانیشە، یەکەمیان بە ڕێژەی 0.79 گۆڵا لە هەر یارییەکدا پلەی شەشەمی گرتووە. دووەمیشیان بە تۆمارکردنی 0.69 گۆڵ لە هەر یارییەکدا پلەی دەیەمی گرتووە.

پلەی یەکەمیش بۆ جۆزێف بێکانی یاریزانی نەمسایییە، کە بە ڕێژەیەکی سەرسوڕهێنەر پێشەنگی ڕیزبەندەکەی گرتووە.

ریزبەندی 10 باشترین گۆڵکاری مێژوو بەمشێوەیە:

| یاریزان | وڵاتینامە | یاری | گۆڵ | ڕێژەی گۆڵ لە هەر یارییەکدا |
|---|---|---|---|---|
| جۆزێف بێکان | نەمسا | 451 | 641 | 1.42 |
| بۆشکاش | هەنگاریا | 705 | 700 | 0.99 |
| ئیزیبیۆ | پورتوگال | 639 | 621 | 0.97 |
| پێلێ | بەرازیل | 854 | 784 | 0.92 |
| جێرد مۆلەر | ئەڵمانیا | 617 | 552 | 0.89 |
| لیۆنێل مێسی | ئەرجەنتین | 588 | 467 | 0.79 |
| ڕۆماریۆ | بەرازیل | 956 | 743 | 0.78 |
| ئەلفرێدۆ دی ستیفانو | ئەرجەنتین | 680 | 497 | 0.73 |
| کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ | پورتوگال | 724 | 501 | 0.69 |
| ڕۆناڵدۆ لویس نازارۆ | بەرازیل | 518 | 352 | 0.68 |
| هۆگۆ سانچێز | مەکسیک | 881 | 516 | 0.58 |

بۆچی لویس نەیهێشت ڤیکتۆر بچێتە لیڤەرپووڵ..

# ڤان گاڵ ڤاڵدێزی تووشی نەخۆشی دەروونی کردووە



«ڤان گاڵ بەئەنقەست سووکایەتی بە ڤاڵدێز دەکات و ناهێڵێت ڕاهێنەران مەشقی پێبکەن»

**ڕووداوی وەرزشی ـ MU4**

سەرچاوەیەکی نزیک لە یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی دەڵێت «لویس ڤان گالی ڕاهێنەری ئەو یانەیە بە ئەنقەست شەڕی دەروونی دژی ڤیکتۆر ڤاڵدێزی گۆڵچی ئیسپانی دەکات». هەروەها دەشڵێت «ئەو مەرجێکی سەیری دانا بۆ ئەوەی ڤاڵدێز نەتوانێت بچێتە ریزەکانی لیڤەرپوول».

بەپێی ئەو سەرچاوەیە، ڤاڵدێز بەدەست پشتگوێخستنی تەواو لە تیپەکەی دەناڵێنێتن دوای ئەوەی کێشەکانی لەگەڵ ڤان گال زیاتر بوون، ئەوەش وایلێکردووە بەڕاستی بیر لە ڕۆیشتن بکاتەوە لە ماوەی گواستنەوەی زستانەی داهاتوودا، کەچی تیپەکەی مەرجێکی سەیری بۆ بەربوون لە زیندانی شەیتانە سوورەکان بۆ داناوە.

لە ماوەی گواستنەوەی هاوینەدا ڤاڵدێز زۆر نزیکبوو پەیوەندی بە ریزەکانی بەشکتاشی تورکییەوە بکات، بەڵام لەو هەنگاوەی پاشگەزبووەوە دوای ئەوەی تیپەکە بەندەکانی گرێبەستەکەی گۆڕی، بەمەش ڤاڵدێز پێی باشبوو بمینێتەوە تاوەکو لە ماوەی گواستنەوەی زستانەدا گرێبەستێکی باشتری بۆ بێت. ڤان گال بەمدواییە بڕیاریدا ڤاڵدێز بەشێوەیەکی کۆتایی لە مەشقەکانی تیپی یەکەم دووربخاتەوە، هەروەها لە سەرەتای وەرزەوە تاوەکو ئێستا لە هیچ یارییەک ناوی لە لیستی یاریزانە بانگهێشتکراوەکان نەبووە، بەوە تۆمەتباری دەکات کە گوێڕایەڵی فەلسەفەی تیپەکە نابێت.

دوایین هەنگاو ڕێگەنەدان بوو بە ڤاڵدێز لە کاتی مەشقەکانی تیپی یەکەم پێ بنێتە نێو شاری وەرزی مانچستەر یونایتد، ئەوەش بە کارتی براوە بۆ ڤاڵدێز دادەنرێت تاوەکو لە نزیکترین دەرفەت لە یانەکەی بڕوات، چونکە دەتوانێت پەنا بۆ یەکێتی تۆپی پێی ئینگلیزی ببات بۆ ئەوەی ئەو قەیرانەی بۆ چارەسەر بکات، چونکە لەلایەن ڕاهێنەری یانەکەوە بە ئاشکرا ستەمی لێدەکرێت.

تەنانەت ئەو سەرچاوەیە باس لەوە دەکات کە ئەوەندە نەماوە ڤان گال ببێتە هۆکاری ئەوەی ڤاڵدێز تووشی نەخۆشی دەروونی بێت، چونکە ڕێگە نادات مەشق لەگەڵ تیپی یەکەم بکات و ڕاهێنەرانی گۆڵچیانی تیپی یەکەمیش بۆیان نییە مەشق بە ڤاڵدێز بکەن.

چەندین ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی ئینگلیزی دووپاتی دەکەنەوە، هەڵوێستی ڤاڵدێز هاوسۆزی یاریزانە ئیسپانییەکانی لە ریزەکانی یانەکە جولاندووە، ئەوەش پاڵی بە کارگێڕی یانەکەوە ناوە بەدوای چارەیەکی خێرادا بگەڕێت، بۆ ئەوەی ئارامی بۆ کەش و هەوای یانەکە بگێڕێتەوە، کە ئاستی لە وەرزی تازەدا باشە.

چەند ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی ئینگلیزی و ئیسپانی ئاماژە بەوە دەکەن، مانچستەر یونایتد ئامادەیە گرێبەستەکەی ڤاڵدێز هەڵوەشێنێتەوە، بەمەرجێک نەچێتە ریزەکانی رکابەرێکی ڕاستەخۆی تیپەکە لە خولی ئینگلیزی، دوای ئەوەی ڕاپۆرتەکان دووپاتیان کردەوە یانەی لیڤەرپوول دەیەوێ گرێبەست لەگەڵ ڤاڵدێز واژووبکات، بۆ ئەوەی ببێتە گۆڵچی سەرەکی تیپەکە لە رکابەرییەکانی وەرزی تازەدا. ئەو مەرجە بۆ هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەی ڤاڵدێز گرنگترین بوو، لەگەڵ بەڵێندان بەوەی نەچێتە لیڤەرپوول، لەگەڵ ناچارکردنی بە دانی قەرەبوو بە مانچستەر ئەگەر سووربوو لەسەر ئەوەی بچێتە لیڤەرپوول.




باڵانسەکەت کۆتایی هاتووە و دەتەوێ پەیوەندی ئەنجام بدەی؟
لەگەڵ خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" لە کورەك، دەتوانی سوود لە باڵانسی زیادکراو وەرگریت.
- بۆ کاراکردنی خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" پەیوەندی بکە بە #202*
- بڕی باڵانسی زیادکراو 600 د.ع.
- هەرکاتێ باڵانسەکەت بۆ جاریکیتر پڕبکەیتەوە ئەوا بڕی باڵانسی زیادکراو لە باڵانسەکەت کەم دەکرێتەوە.
- باڵانسی زیادکراو بۆماوەی 3 ڕۆژ بەردەست دەبێت
- نرخی خزمەتگوزارییەکە 120 د.ع.
- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەست دەبێت بۆ سەرجەم بەشداربووانی پریپەید لەنێو تۆڕی کورەك
  - دەبێ باڵانسەکەت لە 60 د.ع کەمتر بێت.
  - دەبێ پێشتر هێڵەکەت بەلایەنی کەم 3 جار پڕکردبێتەوە.
  - نابێت بەشداربوو هیچ قەرزێکی دیکە لە ئەستۆ مابێت.

بوێربە خەون ببینە

korektel.com
411

# خشتەی یارییەکانی هەفتە

## گرنگترین یارییەکانی هەفتە

**پاڵاوتنەکانی یۆرۆ**
ئەڵمانیا - ئێرلەندا
پێنجشەممە 8/10/2015
09:45

**پاڵاوتنەکانی یۆرۆ**
پورتوگال - دانیمارک
پێنجشەممە 8/10/2015
09:45

**پاڵاوتنەکانی مۆندیال**
ئەرجەنتین - ئیکوادۆر
هەینی 9/10/2015
AM 03:00

**خولی ئیسپانیا**
بەرازیل - چیلی
هەینی 9/10/2015
AM 02:30



### پاڵاوتنەکانی مۆندیال (ئاسیا)

**پێنجشەممە 2015/10/8**

| | |
|---|---|
| ئیندۆنیسیا - تایلاند | 03:00 |
| تەیمۆری ڕۆژهەڵات - فەلەستین | 10:00 |
| کۆریای باکوور - فلیپین | 10:00 |
| بۆتان - دوورگەکانی مالدیڤ | 03:00 |
| قیرغیزستان - تاجیکستان | 03:00 |
| سەنگافورە - ئەفغانستان | 03:00 |
| ڤێتنام - عێراق | 03:00 |
| میانمار - لوبنان | 03:00 |
| سووریا - ژاپۆن | 04:00 |
| تورکمانستان - هیندستان | 04:00 |
| ئوردن - ئۆستڕالیا | 05:00 |
| عومان - ئێران | 05:30 |
| کوێت - کۆریای باشوور | 05:55 |
| بەحرێن - ئۆزباگستان | 06:00 |
| قەتەر - چین | 06:30 |
| سعوودیە - ئیمارات | 08:00 |

| یاریزان | هەڵبژاردە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - محەممەد سەهلاوی | سعوودیە | 6 |
| 2 - ئەحمەد خەلیل | ئیمارات | 4 |
| 3 - بەدر متەوەع | کوێت | 4 |
| 4 - یوسف ناسر | کوێت | 4 |
| 5 - هیۆنگ مین سۆن | کۆریای باشوور | 4 |

### پاڵاوتنەکانی مۆندیال (ئەمریکای باشوور)

**پێنجشەممە 2015/10/8**

| | |
|---|---|
| بۆلیڤیا - ئۆروگوای | 10:00 |
| کۆلۆمبیا - پیرو | 11:30 |
| ڤەنزویلا - پاراگوای | 12:00 |

**هەینی 2015/10/9**

| | |
|---|---|
| چیلی - بەرازیل | AM 02:30 |
| ئەرجەنتین - ئیکوادۆر | AM 03:00 |

## دەوڵەمەندترین 10 یانە بەبەهای ئەستێرەکانیان

ئا: ڕوودواوی وەرزشی

دەزگایەکی پسپۆر لە پۆلینکردنی یانەکان بەپێی بەهای ئابووری، ئەمجارەیان لەسەر بنەمای بەهای ئەستێرەکان، ڕیزبەندی دەوڵەمەندترین 10 یانەی جیهانی داناوە.

بە پێی ئەو پۆلینە، هەر 10 دەوڵەمەندترین یانەی جیهان لە کیشوەری ئەوروپان، کە ڕیال مەدریدی ئیسپانی پلەی یەکەمی گرتووە، هەروەها یوڤانتۆسی ئیتاڵیش لە پلەی دەیەم دێت.

پلەی یەکەم: ڕیال مەدریدی ئیسپانی بە بەهای 587 ملیۆن یۆرۆ.

پلەی دووەم: مانچستەر سیتی ئینگلیزی بە بەهای 560 ملیۆن یۆرۆ.

پلەی سێیەم: مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی بە بەهای 533 ملیۆن یۆرۆ.

پلەی چوارەم: پاریس سانجێرمانی فەرەنسی بە بەهای 525 ملیۆن یۆرۆ.

پلەی پێنجەم: چێڵسی ئینگلیزی بە بەهای 407 ملیۆن یۆرۆ.

پلەی شەشەم: بارسێلۆنای ئیسپانی بە بەهای 394 ملیۆن یۆرۆ.

پلەی حەوتەم: لیڤەرپوول بە بەهای 344 ملیۆن یۆرۆ.

پلەی هەشتەم: بایرن میونشنی ئەڵمانی بە بەهای 337 ملیۆن یۆرۆ.

پلەی نۆیەم: ئارسناڵی ئینگلیزی بە بەهای 305 ملیۆن یۆرۆ.

پلەی دەیەم: یوڤانتۆسی ئیتاڵی بە بەهای 301 ملیۆن یۆرۆ.

### پاڵاوتنەکانی مۆندیال (ئەفریقیا)

**چوارشەممە 2015/10/7**

| | |
|---|---|
| سیشێل - بۆرۆندی | 03:30 |
| تنزانیا - مالاوی | 04:00 |
| باشووری سوودان - مۆریتانیا | 04:30 |
| مۆریشیس - کینیا | 05:30 |

**پێنجشەممە 2015/10/8**

| | |
|---|---|
| دوورگەکانی قەمەر - لیسۆسۆ | 03:00 |
| ساوتۆمی - ئیسیۆبیا | 06:00 |
| لیبیریا - گینیا | 07:00 |

**هەینی 2015/10/9**

| | |
|---|---|
| سوومال - نەیجر | 03:30 |
| جیبۆتی - سوازیلاند | 04:00 |
| گامبیا - نامیبیا | 08:00 |

**شەممە 2015/10/10**

| | |
|---|---|
| ئەفریقیای ناوەڕاست - مەدغشقەر | 02:30 |
| ئیریتیریا - بۆتسوانا | 04:00 |
| چاد - سیرالیۆن | 05:30 |

**یەکشەممە 2015/10/11**

| | |
|---|---|
| مالاوی - تنزانیا | 03:00 |
| ئەسیۆبیا - ساوتۆمی | 04:00 |
| کینیا - مۆریشیس | 04:00 |

### پاڵاوتنەکانی یۆرۆی 2016

**پێنجشەممە 2015/10/8**

| | |
|---|---|
| جۆرجیا - جەبەل تاریق | 07:00 |
| ڕۆمانیا - فینلەندا | 09:45 |
| هەنگاریا - دوورگەکانی فارۆ | 09:45 |
| سکۆتلەندا - پۆڵەندا | 09:45 |
| ئێرلەندای باکوور - یۆنان | 09:45 |
| ئەلبانیا - سربیا | 09:45 |
| ئێرلەندا - ئەڵمانیا | 09:45 |
| پورتوگال - دانیمارک | 09:45 |

**هەینی 2015/10/9**

| | |
|---|---|
| سلۆڤینیا - لیتوانیا | 09:45 |
| مۆڵدۆڤا - ڕووسیا | 09:45 |
| ئیسپانیا - لۆکسمبۆرگ | 09:45 |
| مەکەدۆنیا - ئۆکرانیا | 09:45 |
| لیشتنشتاین - سوید | 09:45 |
| ئینگلتەرا - ئیستۆنیا | 09:45 |
| سلۆڤاکیا - بیلاڕووسیا | 09:45 |
| سویسرا - سان مارینۆ | 09:45 |
| چیای ڕەش - نەمسا | 09:45 |

**شەممە 2015/10/10**

| | |
|---|---|
| نەرویج - ماڵتا | 07:00 |
| ئایسلاندا - لاتیڤیا | 07:00 |
| ئازەربایجان - ئیتاڵیا | 07:00 |
| کازاخستان - هۆڵەندا | 07:00 |
| ئیسرائیل - قوبرس | 09:45 |
| بۆسنەو هێرسک - وێڵز | 09:45 |
| چیک - تورکیا | 09:45 |
| کرواتیا - بولگاریا | 09:45 |
| ئەندۆرا - بەلجیکا | 09:45 |

**یەکشەممە 2015/10/11**

| | |
|---|---|
| دوورگەکانی فارۆ - ڕۆمانیا | 07:00 |
| ئەرمینیا - ئەلبانیا | 07:00 |
| یۆنان - هەنگاریا | 07:00 |
| فینلەندا - ئێرلەندای باکوور | 07:00 |
| سربیا - پورتوگال | 07:00 |
| پۆڵەندا - ئێرلەندا | 09:45 |
| ئەڵمانیا - جۆرجیا | 09:45 |
| جەبەل تاریق - سکۆتلەندا | 09:45 |

**دووشەممە 2015/10/12**

| | |
|---|---|
| نەمسا - لیشتنشتاین | 07:00 |
| ڕووسیا - چیای ڕەش | 07:00 |
| سوید - مۆڵدۆڤا | 07:00 |
| ئۆکرانیا - ئیسپانیا | 09:45 |
| سان مارینۆ - سلۆڤینیا | 09:45 |
| لیتوانیا - ئینگلتەرا | 09:45 |
| ئیستۆنیا - سویسرا | 09:45 |
| بیلاڕووسیا - مەکەدۆنیا | 09:45 |
| لۆکسمبۆرگ - سلۆڤاکیا | 09:45 |

**سێشەممە 2015/10/13**

| | |
|---|---|
| ماڵتا - کرواتیا | 09:45 |
| تورکیا - ئایسلاند | 09:45 |
| لاتڤیا - کازاخستان | 09:45 |
| هۆڵەندا - چیک | 09:45 |
| ئیتاڵیا - نەرویج | 09:45 |
| بولگاریا - ئازەربایجان | 09:45 |
| بەلجیکا - ئیسرائیل | 09:45 |
| وێڵز - ئەندۆرا | 09:45 |
| قوبرس - بۆسنەو هێرسک | 09:45 |

| یاریزان | هەڵبژاردە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - ڕۆبەرت لیڤاندۆڤسکی | پۆڵەندا | 10 |
| 2 - تۆماس مۆلەر | ئەڵمانیا | 8 |
| 3 - واین ڕۆنی | ئینگلتەرا | 8 |
| 4 - ئیدین دزیکۆ | بۆسنەو هێرسک | 7 |
| 5 - ئارتیم دزیوبا | ڕووسیا | 7 |

**پاڵاوتنەکانی یۆرۆ**
ئۆکرانیا - ئیسپانیا
دووشەممە 12/10/2015
09:45

**یاری دۆستانە**
دانیمارک - فەرەنسا
یەکشەممە 11/10/2015
09:45

**پاڵاوتنەکانی یۆرۆ**
پورتوگال - سربیا
یەکشەممە 11/10/2015
07:00

**پاڵاوتنەکانی یۆرۆ**
تورکیا - چیک
شەممە 10/10/2015
09:45

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (369) سێشەممە 2015/10/6



## ترسنوکە

حەبیب کۆلۆ تۆرێی یاریزانی کوتدیڤواری یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ کەناڵی فەرمی ئەو یانەیەدا دانی بەوەدانا کە زۆر لە سـەگ دەترسـێت و ئەوەی ڕەتکردەوە سـەگ گیاندارێکی بەوەفا بێت و لەو بارەوە گوتی «من لە منداڵییەوە زۆر دیمەنی ترسناکم لە سەگەکان بینیوە، گیاندارێکی زۆر مەترسیدار، هێندەی شێر و مار لێیدەترسێم، پێویستە مرۆڤ بە وریایی مامەڵەی لەگەڵ بکات. هیچ بڕوام بەوانە نییە کە دەڵێن سەگ گیاندارێکی بەوەفایە».

# ڕۆناڵدۆ زێنەدین هەرا دەنێتەوە

**ڕووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

یاریزانێکـی بەهرەمەندی مەکسـیکی، بە دوو شـێوە سەرەنجی هەموو جیهان رادەکێشێت و هەرایەکی گەورە دەنێتـەوە، یەکێکیـان بەهۆی ئاسـتبەرزی یاریکردنی و دووەمیشیان بەهۆی ناوە سەیرەکەی.

ئەو یاریزانە تەمەن 13 سـاڵانە، لە ڕۆژانی رابردوودا سەرنجی ڕۆژنامەکانی مەکسـیکی بەلای خۆیدا راکێشا، دوای ئـەوەی بەشـداری لـە یـاری کۆتایـی خولێکـی ناوخۆیـی کرد، کە لەنێوان تیپەکەی سـانتۆس لاگۆنا و رکابەرەکەی چیڤاز بوو، ئەو مێردمنداڵە تەنیا بە ئاستی بـەرزی خەڵکی سەرسـام نەکـرد، بەڵکو ناوەکەیشـی کـە ناوی دوو ئەسـتێرەی بەناوبانگی پێشـووی جیهان کۆدەکاتەوە مایەی سـەرنج بوو، ئـەو مێردمنداڵە ناوی (ڕۆناڵـدۆ زێنەدین هێرناندێز ڕۆدریگـز)ە، دایکی نهێنی ئەو ناوە درێژەی بۆ ڕۆژنامەکانی مەکسـیک ئاشـکراکرد و گوتـی «بـەر لەدایکبوونی زۆر لە سـکم دەجوولا، بە مێردەکەم گوت ئەو منداڵە لە داهاتوودا دەبێتە کەسێکی ناسراو، من و مێردم لەسەر ناونانی ناکۆک بووین». ئەو دایکـە زیاتـر ڕووندەکاتەوەو دەڵێت «دواتر گەیشـتینە چارەسەرێکی ناوەڕاست، ئەو زۆر سەرسامە بە دیاردەی بەرازیلـی، ڕۆناڵـدۆ. منیش زۆر سەرسـامم بە زێنەدین زێدانـی فەرەنسـی، بۆیـە بۆ ئـەوەی ناوەکـەی بەدڵی هەردووکمان بێت، ناومان نا ڕۆناڵدۆ و زێنەدین بە هیوای ئەوەی لە داهاتوودا وەک یەکێکیان بێت».



ئیحسان تاهیر



# بارسای بێ مێسی

## «مێسی هەمووانی هەتیوو کردووە»

جیاوازی بارسا لەگەڵ هەموو یانەکانی دیکەو جیاوازی مێسـی لەگەڵ سـەرجەم یاریزانانـی دیکـەی جیهـان، لەوەدایـە هەر یانەیـەک کاتێک یاریزانی سـوپەری لەدەسـتدەدات، گاریگەرییەکانی بەسـەر ئاسـتی یانەکەوە دیاریکـراو دەبن، بەڵام کاتێک بارسێلۆنا مێسـی لەدەستدەدات، بە تەواوی دەڕووخێت، یاخود باشـتر وایە بڵێین لە بارساوە دەبێتە یانەیەکی ئاسایی، کە بێجگە لەوەی دۆڕاندن و یەکسـانبوون لە یارییەکاندا دەبێتە کارێکی ئاسـایی بۆ یانەیەک کە بە مێسییەوە ئەو دوو ئەنجامە بۆ ئـەو یانەیە دەگمەنن، هەروەها کاتێک بەبێ مێسی دەشـباتەوە زۆر بەزەحمەت بەدەستی دێنێت.

دەمەوێ بڵێم بارسـا بەبێ مێسـی لە یانەیەکـی ترسـێنەرەوە دەبێتە تیپێکی هاوشـێوەی ئەو تیپانـەی کە نە دۆڕانیان عەیبەیە و نە بردنەوەشیان مەحاڵە.

دەزانـم زۆر کـەس لـەم بـارەوە بەپێچەوانەی من بیردەکەنەوەو ڕەخنەشم لێدەگرن، کە پێموایە ئـەوان دوو جۆرن، جۆرێکیان هاندەری سەرسـەختی بارسان و لە خۆشەویسـتی بێسنووری خۆیان بۆ بارسا، بە شەرم و گوناحی دەزانن هەموو ئاست و تواناکانی تیپێکی زەبەلاح و خاوەن مێژووییەکی گەورەی وەک بارسا بخەنە ژێر قاچەکانی تەنیا یاریزانێک. دووەم جۆریش ئەوانەن کە زۆر رقیان لە بارسا و مێسییە، ئەو بۆچوونە ڕەتدەکەنـەوە بۆ ئەوەی لە گەورەیی مێسی کەم بکەنەوە. بەڵام ئەوە واقیعێکە بەلای کەمەوە لەم چەند ساڵەی دواییدا هەموو بارسـا یەکسانە بە مێسی، واتە باشـی و خراپی بارسـا بەستراوە بە باشـی و خراپی مێسـی. ئەمەش عەیبە نییـە، چونکـە لەوەتەی پیـپ گواردیۆلا ئەرکی ڕاهێنەرایەتی بارسـای وەرگرتووە، تیپێکی لە دەوری مێسـی دروستکردووەو لە پلانەکەیشیدا سەرکەوتوو بووە، چونکە ئـەو دەیزانی مێسـی یاریزانێکـی هێندە جیاواز و سەرسوڕهێنەرە دەتوانێت ببێتە ماکینەیەکی فـوول کواڵیتی بۆ گەیاندنی ماشینی ئەو یانەیە بە لوتکە.

ئـەوە مانـای ئـەوە نییـە کە بارسـا بێجگـە لـە مێسـی یاریزانـی دیکـەی سـوپەری نییە، بەڵێ کەس ناتوانێت لە گەورەیی یاریزانانی وەک نیمار، سـوارێز، ئینیێسـتا، ماسـکیرانۆ، پیکـێ، ئەڵبا و بۆسـکێس کەم بکاتەوە، بەڵام کێشـەکە لەوەدایـە کـە هەمـوو ئـەو ڕاهێنەرانەی لەدوای گواردیۆلاشەوە هاتوونەتە بارسا، شـێوازی یاریکردنـی تیپەکەیان لەسـەر بنەمای مێسی بونیاتناوە، واتە هەرکاتێ مێسـی یـاری نەکات بارسـا بـە هەموو ئەسـتێرەکانییەوە ناتوانێت بەو شێواز و ڕیتمـەی خـۆی یاری بکات کە لەسـەری ڕاهاتـووە. بارسـا بەبـێ مێسـی وەک ئۆتۆمبێلێـک لێیدێـت کـە پاترییەکەی لەکارکەوتووبێت، ئەگەر بە چەتاڵکردنیش بەکاربخرێتـەوە ئەوا هەمیشـە لەبەردەم مەترسی وەستانەوەدایە.

بـە کورتـی و کرمانجی بەبێ مێسـی مەنزومەی بارسا تێکدەچێت. هەر کەسێک سـەیری دوایین 3 یاری بارسای کردبێت، بـە ڕوونی ئەوەی بینیوە کە ئاسـتی ئەو یانەیـە نە چێژبەخش بووە، نەترسـێنەر بووە. بەبێ مێسی کوانێ ئەو هەموو پاسە سیحراویانەی بەلای کەمەوە مێسی لە هەر یارییەکدا 3 جار هاوڕێکانی بە تەنیا لەگەڵ گۆڵچی تیپـی بەرامبەر هێشـتووەتەوە. بینیمـان چۆن زۆر بـە زەحمەت لە لاس پاڵماسـی بـردەوە، بەهەمانشـێوە لـە بایرلیڤەرکـۆزن و چۆنیـش بووە نێچیری سڤیلیا.

بێجگە لە هەمـوو ئەمانەش هەرکاتێ مێسی یاری نەکات، ترسی بارسا لە دڵی یاریزانانـی تیپی بەرامبەردا دەردەچێت و بەوپەڕی ئارامی و بڕوا بەخۆبوونەوە یاری دەکەن. هەروەها بەبێ مێسی سێکوچکەی MNSی ترسـێنەریش هەیبەتـی خـۆی لەدەستدەدات و نیمار و سوارێز وەک ئەو دوو ئەفسەرە ئازایە وەرەیان لەدەستدەدەن کاتێک لە شەڕدا سەرکردەکەیان لەدەست دەدەن. خـۆ ئینیێسـتا و ئاڵڤێزیش هەر مەپرسـن، ئـەوان بەبـێ مێسـی لەنـاو یاریگەدا هەتیوو دەبن.

## LOTTO

**(ڕووداوی وەرزشی)**

**بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە**

ناو : ..........................................................

مۆبایل : .................................. ..................

1

**چل و چوارەمین پێشبڕکێ**

**شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (ڕووداوی وەرزشی) ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی ڕووداوی وەرزشی بەشداربە.**

**خەڵاتەکان خەڵاتەکان**

1 ـ ئامێری ڕۆیشتنی کارەبایی .
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD .
3 ـ کۆمپیۆتەری لاپتۆپ .
4 ـ کۆمپیۆتەری لاپتۆپ .
5 ـ مۆبایل.



## پێشبڕکێ

به کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

نامەیەک بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:
0750 833 3555
لەگەڵ ناوی خۆت

سەرهەد قادر
لە
هەولێر

بە لێدوانی:

(بەخۆم تورەم، بۆ شەڕ لە نۆرەم)

بووە براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو.






سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد

ڕووداو وەرزشی
ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە

ڕووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە
www.rudaw.net
هەموو دووشەممەیەک
ڕووداو
بخوێنەوە